# دەوڵەتی کوردستان لە چوار پێشنیاردا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست

د. هێرش عبدالله حمه کەریم
بەشی مێژوو- کۆلیجی زانستی مرۆڤایەتیەکان
زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەڵاڵە کرد کە تا ئێستا بە هەندێك دەستکاری کەمەوە بەردەوامە. لەدوای سەد ساڵ تێپەربون بەسەر ئەو ڕێکەوتنەداو ئەنجامدانی چەندین هاوپەیمانی نێودەوڵەتیو ناوچەییو دولایەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناورەراستدا، بەڵام هیشتا سنورە نێودەوڵەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەدوای پێگەیەکدا دەگەرێت کە چەسپاوترو تۆکمە تر بێت. هەر بۆیە پێشنیارەکان تا ئەم ساتە وەختە بەردەوامە بۆ دارشتنەوەی نەخشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەجۆرێك کە سەقامگیریو ئاشتی زیاتر بە ناوچەکە ببەخشێت.

لە میانی ئەم پێشنیارانەدا خاڵێك کە زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوو جێگای تێبینیە، بریتیە لە بینینی دەوڵەتی کوردستان لە ریزی ئەو دەوڵەتانەی کە پێشنیارکراوە بۆ سەرهەڵدانو بنیاتنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، هەر بۆیە ئەم خاڵە دەسپێکی ئەم توێژینەوەی ئێمەیە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەرێت کە ئایا پێگەی دەوڵەتی کوردستان لەم پرۆژانەدا، لەکوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدایە؟ ئایا خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەم پرۆژانەدا سەبارەت بە دەوڵەتی کوردستان؟ ئایا ئەم پرۆژانە واقعیو خەڵکانێك هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئامادە کردووە یاخود خەیاڵییەو تەنها نوسراوێکی دور لە راستیەکانی ناوچەکەیە؟ ئایا کوردستان دەتوانێت شانبەشانی ئەو پێشنیارانە بەدوای داهاتوی باشتری خۆیدا بگەرێت؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دەرخستنی پێگەی دەوڵەتی کوردستانە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. گرنگیدانە بە پێگەی کوردستان لە داهاتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەو ڕێبازەی کە پەیرەوی کراوە بریتیە لە ڕێبازێکی مێژووی شیکاری رەخنەگرانە کە تیایدا باس لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو پێشنیارانە دەکات، هاوکات هەڵسەنگاندن بۆ پێشنیارەکان دەکاتو دوای رەخنە ئامێزانە سەیری کۆی پیشنیارەکان دەکان.

**پاڵنەری توێژینەوەکە:** لە سایتی ساسە پۆستدا، رۆژنامەنوس یاسر نجم وتارێکی نوسیوە بەناوی "سایکس پیکۆی ١٩١٦نەخشەی دابەشکردنی ناوچەکە لە نێوانواقعو ئەفسانەدا"، "سایکس بیکو ٢٠١٦ خرائط تقسيم المنطقة بين الواقع والأساطير"، کە تیایدا باس لە گرنگترین پێشنیارەکان دەکات بۆ دابەشکردنی سەرلەنوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست. هاوکات لە روانگەی بیری بەرگریکردن لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامییەوە نوسراوە. ئەم وتارە بوو بە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی ئێمە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدەین لە روانگەیەکی جیاوازتر ئەویش پێگەی دەوڵەتی کوردستان لەو پێۆژانەدا، هەروەها وەك سەرەتایەك بۆ ئامادەکاری لەبەرامبەر ئەو پیشنیارانەی کە باس لە داهاتوی رۆژهەلاتی ناوەراست دەکەن.

**گـرنگترین سەرچـاوە:** گـرنگترین ئـەو سەرچـاوانەی لـەم توێژینەوەیـەدا بـەکارهاتووە دەقـی تـەواوی ئـەو پێشنیارانەیە کە ئێمە باسی دەکەین ئەوانیش، پرۆژەکەی ئۆدی یینۆن: ستراتیجی ئیسرائیل لە هەشتاکاندا.:

A Strategy for Israel in the Nineteen Eighties: Oded Yinon

لەگەڵ توێژینەوەکەی بیرنارد لویس: سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست:

Bernard Lewis: RETHINKING THE MIDDLE EAST.

هەروەها پێشنیاری رالف پیتەر بە ناوی سنوری خوێن، چۆن رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بارێکی باشتردا بێت؟.

رالـف بـیترز: حـدود الـدم کیـف سـیبدو الشـرق الاوسـط بحالتـه الافضـل؟ دواجـار وتارەکـانی جفـری گۆڵـدبرگ بەناونیشانی پاش عێراقو هەروەها نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست، .

JEFFREY GOLDBERG: After Iraq, The New Map of the Middle East.

**گرنگترین تەوەرەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:**

تەوەرەی یەکەم: پێشنیاری ئۆدید ینۆن

تەوەری دووەم پێشنیاری بێرنارد لویس

تەوەری سێیەم پێشنیاری رالف پیترز

تەوەری چوارەم: پێشنیاری جیفری گۆلدبرگ

تەوەرەی پێنجەم: پێگەی کوردستان لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا

ئەنجام

## تەوەرەی یەکەم: ئۆدید یینۆنOded Yinon

یینۆن کارمەندی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلەو هاوکات لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل کاربەدەست بووە هەروەها یەکێك بووە لە داڕێژەری پرۆژە سیاسیەکانی پارتی لیکۆدی ئیسرائیلی. ئەوەی نوسیویەتی بە پلانی یینۆن دەناسرێت. بە ناونیشانی ستراتیجی ئیسرائیل لە هەشتاکاندا : A Strategy for Israel in the Nineteen Eighties, لە ژمارە ١٤ی فەبرایری ١٩٨٢ بە زمانی عبری لە رۆژنامەی "ئاراستەکان" Kivunim بڵاوکراوەتەوە کە لە لایەن رێکخراوی زایۆنی جیهانیەوە ئەو گۆڤارە دەرچووەو . پاشان رێکخراوێك بە ناوی یەکێتی دەرچوانی عەرەبی –ئەمریکی the Association of Arab-American University Graduates ، چالاکوانێکی سیاسیو یاسایی بە ناوی ئیسرائیل شاهاك *Israel Shahak*، راسپاردووە، کە پرۆفیسۆرە وەرگێرانی بۆ کردووە بۆ سەر زمانی ئنگلیزیو پێشەکیو ئەنجامی بۆ نوسیوەو بە ناوی پلانی زایۆنیزم بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست .«The Zionist Plan for the Middle East» بڵاوی کردۆتەوە لە ١٣ی جونی ١٩٨٢[١]. بە رای شاهاك ئەم نوسینە وردترینو تەواترین دەربرینی فکری زایۆنیزمە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست. هاوکات ئەم نوسینە بۆ رۆشنبیرکردنی نەوەی ئیسرائیلە لەسەر پلانی دامەزرێنەرانی ئیسرائیل بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراستو جیهانی عەرەبی[٢].

کاتێك ئەم پلانە داریژراوە کە ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەت داگیرکراوە، گەرمەی جەنگی سارد بووە، ئیسرایل رێکەوتنی لەگەڵ میسر بۆ ئاشتی واژۆ کردووەو سینای راەست کردۆتەوە, جەنگی ناوخۆی لوبنانو جەنگی عێراق ئێران لە برەوا بووە[٣]. هاوکات کوردەکان لەو کاتەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەك ناونیشانێك بۆ کێشەیەکی غەدر لێکراو دەبینران بە تایبەت دوای شکستی بزوتنەوەکەیان لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٧٥و هەروەها سەرکوتکردنیان لە لایەت خومەینییە وە لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٢، وێرای بوژاندنەوەی جولانەوە چەکداریەکانیان لە سەرەتای جەنگی عێراق-ئێراندا[٤]. بۆیە ینۆن باس لەوە دەکات کە سەرجەم رەگەزە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەوڵەتی خۆیان بۆ دروست بکرێت ئەو کات ئیسرائیل شەرعەیەتی باشتر بۆ

---

1Oded Yinon: A Strategy for Israel in the Nineteen Eighties ,Translated and edited, *Israel Shahak*, Published by the Association of Arab-American University Graduates, Inc. Belmont, Massachusetts, 1982 Special Document No. 1

٢ حسن نافعة: قراءة جديدة في أوراق قديمة. الاستراتيجية الصهيونية لتفتيت العالم العربي http://www.sawtakonline.com/forum/threads/

٣ للمزيد من معلومات انظر، الان غريش، دومينيك فيدال: الابواب المائية للشرق الاوسط، ترجمةك ميشال كرم، الفارابي، ٢٠١٠، ص ٢٢٠ ،ص ٢٣٠، ص ٣٦٧.

٤ بۆ زانیاری زیاتر بروانە،یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێرانن لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە لە جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩) دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٣، ل ٤٢٢-٤٢٧.گەراس ئار. ڤی. ستانسفیلد: کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیو پشکوتنی دیموکراسی،وەرگێرانیك یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٨٦،ل٢١٣.

دەوڵەتەکەی پەیدا دەکات. بەرای ئەو "تێگەیشتنە سەرەکییەکان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە تایبەت لە ڕۆژئاوادا بەهۆی ڕوداوە سیاسی و سەربازیو ئابورییەکانەوە، گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە. پەرەسەندنی چەکی ئەتۆمی و چەکی باو لەرووی چەندێتی و وردی و باشی، وادەکات کە گۆی زەوی لەماوەی چەند ساڵی داهاتودا ژێراوژور بکات. ململانێی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا ئەگەری شکستهێنانی ڕۆژئاوایە و دەستگرتن بەسەر کەرەسە سەرەتاییەکانی کەنداوی فارسی و ئەفریقا، بەدور نابینرێت". بەرای ئەو ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ هەمیشە لە پشگیریکردنی ئیسرائیل ئامادەییان نابێت و لە ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی ئەتۆمیدا، یەکێتی سۆڤیەت توانای یەکلاکردنەوی جەنگی هەیە. بۆیە پێویستە ئیسرائیلێکی بەهێز هەبێت تا بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت بە بێ پشگیری ڕاستەوخۆی ڕۆژئاوا".

یینۆن دەڵێت "جیهانی عەرەبی وەك خانویەکی کاتی لە لایەن فەرەنساو بریتانیا لە بیستەکانی سەدەی پێشوو بنیاتنراوە بە بێ ڕەچاوکردنی داخوازی و ئارەزوی خەڵکەکەی و هەمویان لە کەمینە دژ بە یەکەکان دروست کراون. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسرائیل هەڵدەوەشێنەوە پێشتر لە ڕۆژئاوای ئیسرائیل. دەوڵەتانی تری ئیسلامیش وەك تورکیاو پاکستان و ئێران لەم کێشانەدا هاوبەشن. ئەم وێنانەی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبەیکان لە مەغربی عەرەبییەوە تا هندو لە سۆماڵەوە تا تورکیا درێژ بووەتەوە. کە هەموی ئاماژەیە بە ئامادەنەبونی سەقامگیری و هەڵوەشاندنەوەی خێرای ناوچەکە کە وایکردووە ناوچەکە لە خانوی کاغەز بچێت کە توانای کێشەکانی خۆی نیە.".

سەبارەت بە عێراق دەڵێت "لە عێراقدا ئەگەر هێزی نیزامی دەسەڵاتدارو سوپاو نەوت نەبێت، لە داهاتودا عێراق وەك سوریاو لوبنانی لێدێت. تۆوی ململانێی ناوخۆیی و جەنگی ناوخۆو بە روونی دیارە بە تایبەت دوای سرهەڵدانی خومەینی لە ئێران کە وەك سەرکردەی شیعەکانی عێراق لێیدەڕوانن. عێراقی دەوڵەمەند بە نەوت و پارچە پارچە لەناوخۆدا لەناو هەڵبژاردەی ئامانجەکان ئیسرائیلە. هەڵوەشاندنەوی بۆ ئێمە لە سوریا گرنگترە. دەکرێت عێراق دابەش بێت بۆ سێ کیانی وەك سەردەمی دەوڵەت عوسمانی کە بەسرەو بەغدادو موسڵ بێت کە بەسەر شیعەو سونەو کورددا دابەشبێت".

یینۆن هەرچەندە نەخشەیەکی جوگرارفی بۆ پێشبینیەکانی نەکێشاوە. ئەوەی بڵاو کراوەتەوە لە پێگەو ڕۆژنامەکاندا دوای بۆچونەکەی یینۆن بووە، بەڵام ئەوەی تایبەت بە کوردە، ئەوەیە یینۆن باس لە دەوڵەتی کوردی تەنها لە عێراقدا دەکات بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە ئێران و تورکیاو سوریا، دەوڵەتی کاغەزین و هەڵگری ناکۆکی ئێتنی و تایەفین لەناوخۆدا. هاوکات ئەم بیروبۆچونە لە سوچێکی تۆمارە مێژویەکاندا نییە، بەڵکو لە لایەك دەبێتە بنەما بۆ پێشنیارەکانی تری نەخشەی ناوچەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات بەردەوام ئەم بۆچونە نوێدەکرێتەوە. لەمبارەیەوە مێژونوسێکی ئەمریکی لە ئۆگستۆسی ٢٠١٢ بەناوی ستیڤن سنیگۆسکی کە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ماریلاندی ئەمریکی، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی : "پێشنیارەکەی ینۆن ڕاست دەرچوو، کۆنەپارێزەکانی ئێستا، ئیسرائیل، هەڵوەشاندنەوەی سوریا". باس لەوە دەکات کە چۆن

**کۆنەپارێزەکانی ئەمریکا لە ئێستادا سودیان لە پلانی ینۆن‌و بێرنارد لویس وەرگرتووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە دژەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا[1]. بۆیە لێەدا پێویستە بزانین بێرنارد لویس کێیە....**

## <u>تەوەرەی دووەم: بێرنارد لویس Bernard Lewis</u>

**بیرنارد لویس پرۆفیسۆری خانەنشینە لە بەشی توێژینەوەی رۆژهەلاتی نزیك لە زانکۆی برنستون، پێشتر مامۆستا بووە لە پەیمانگەی توێژینەوەی رۆژهەلاتی‌و ئەفریقی لە لەندەن. نوسینەکانی بەچەندین زمان وەرگێردراون[2]. خاونی ١٥ دکتۆرای فەخرییەو بە یەکێك لە شارەزاترین مێژونوسەکانی رۆهەلاتی ناوەراست دادەنرێت لە جیهاندا.[3] دوای ١٠ ساڵ لە پلانەکەی یینۆن، بیرنارد لویس سیمینارێك لە زانکۆی واشنتن لە ساڵی ١٩٩٢ پێشکەش دەکات‌و پاشان دەیکات بە وتارێك‌و لەژێر ناوی 'سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراست، Rethinking the Middle East لە گۆڤاری کاروباری دەرەکی کە لە لایەن ئەنجومەنی پیوەندیە دەرەکیەکان لە ئەمریکا بلاوی کردەوە[4].**

**بەرای ئەو هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت‌و جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، دوو گۆرانکاری گەورەی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هێنایەکایە، یەکەمیان، شکست یان نەمانی عروبەیە، دووهەمینیان سەرهەڵدانی سەرچاوەی تری نەوت‌و وزەیە لە ئاسیای ناوەراست. لویس دەلێت: " لە ساڵی ١٩٤٨ سەرجەم دەوڵەتە عەرەبیاەکان بریاری نتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٤٨ بۆ دابەشکردنی فەلەستین‌و دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە رەتکردەوە[5]....... لە ساڵی ١٩٩٠ سەدام بێ گویدانە گەلاڵەنامەی کۆمکاری عەرەب‌و نەتەوە**

---

1*Stephen Sniegoski:* The Yinon Thesis Vindicated: Neocons, Israel, and the Fragmentation of Syria, *Aug 12, 2012,* http://mycatbirdseat.com/2012/08/the-yinon-thesis-vindicated-neocons-israel-and-the-fragmentation-of-syria/

**٢ گرنگترین نوسینەکانی ئەمانی خوارەوەن:**

The Crisis of Islam: Holy War and Unholy Terror, What Went Wrong?: The Clash Between Islam and Modernity in the Middle East, The Jews of Islam.

The Origins of Ismailism, Handbook of Diplomatic and Political Arabic, The Arabs in History, The Emergence of Modern Turkey, The Middle East and the West, The Assassins. A Radical Sect in Islam Islam in History, Studies in Classical and Ottoman Islam, Population and Revenue in the Towns of Palestine in the Sixteenth Century, The Muslim Discovery of Europe, Islam from the Prophet Muhammad to the Capture of Constantinople, The Middle East: A Brief History of the Last 2,000 Years.

**٣ عادل الطريفي: برنارد لويس: التفكير في الشرق الأوسط وفق مفاهيمنا الغربية يؤدي إلى كوارث،** http://archive.aawsat.com/details.asp

4 Bernard Lewis :Rethinking the Middle East, Source: Foreign Affairs, Published by: Council on Foreign Relations ,Vol. 71, No. 4 (Fall, 1992).

**٥دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نۆڤەمبەری ١٩٤٧ بریاری ١٨١ی دەرکرد کە فەلەستین دابەشبکرێت بەسەر دوو دەوڵەتی عەرەبی‌و ئیسرائیلیدا، سەرجەم دەوڵەتە عەرەبیەکان ئەم بریارەیان رەتکردەوەو داوای یەکێتی خاکی فەلەستینی عەرەبیان کرد. لە ١٥ی مایۆی ١٩٤٨دا ئیسرائیل وەك دەوڵەت سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. لێرەو جەنگی عەرەب ئیسرائیل دەستی پێکردو دەوڵتە عەرەبیەکان هێزیان رەوانەی ئیسرائیل کرد بەلاّم توانیان تەنها بەشێکی فەلەستین بگێرنەوە بۆ خاکی عەرەبی،، کە ئەردەن زففەی**

یەکگرتووەکان هەستا بە داگیرکردنی کوەیت[1]، ئەم هەلویستەو لایەنگیری عەرەب بۆ ئەمریکا هێندەی تر عروبەی لاواز کردو یەکێتی خاکی عەرەبی وەك خەونی دێرینی عەرەب لاواز کردو کارتێکەری بیری نەتەوایەتی عەرەبی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتە عەرەبییەکان کەمتر کردۆتەوە"[2].

بە بروای لویس ئاراستەکانی دابەشبون لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پەرەدەسەێنێت بە هاندانی هەستی ئیتنیو تایەفەگەری، ئەم بیرە چێژبەخشە سەبارەت بە مافی چارەنوس گواستراوەتەوە بۆ کەمینە ئیتنیەکان کە بە باری پێشوتر رازی نابن. بۆیە بەرای بیرنارد لویس ناوچەکە بەرەو بە لوبنانی Lebanonization بوون دەروات، کە چۆن لەدای جەنگی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٥،دابەش بووە بەسەر تایەفەو ئیتنیکی جیاوازداو هەریەکەو خواستی سەپاندنی ناسنەمەی خۆیەتی.

دوابەدوای ئەم وتارە نوسەرێك بەناوی جوزیف برودا Joseph Brewda ، وتارێکی نوسیی کە پشت بەستن بە پلانەکەی بیرنارد لویس، نەخشەیەکی سیاسی دادەرێژێتو لە گۆڤاری دراساتی ستراتیجی ئی ئای ئار بلاوی کردۆتەوە بەناونیشانی، پلانە نوێکەی بیرنارد لویس رۆژهەلاتی ناوەراست هەڵدەوەشێنێتەوە New Bernard Lewis plan will carve up the Mideast [3]. کە تیایدا پوختەی ئەو جەنگانەی ریزبەند کردبوو کە لویس پێشبینی کردووە کە ١٠ جەنگە.:

لەسەر قودس جەنگ دروست دەبێتو بەهۆیەوە ئەردەنیش هەڵدەوەشێتەوە.

هەڵگەرانەوە شیعیەکان لە کەنداوی عەرەبی فارسیدا دەبێتە هۆی ململانێی ئێرانی عەرەبی.

ناوچەی کوردی کە درێژدەبێتەوە بۆ عێراقو ئێرانو تورکیا جەنگی لێدەکەوێتەوە.

پیشگیری توریکیا لە ئازورەکانی ئێرانو ئێران لو ئەرمەنکان شەری نێوان تورکیاو ئێرانی لێدەکەویچتەوە.

شەری ناوخۆی یەمەن کە پەلدەکێشێت بۆ سعودیە.

جەنگ لە میسر کە دەگوازرێتەوە بۆ سودانو لیبیا.

---

غەربی بەرکەوتو میسر کەرتی غەززەی بەرێوەدەبرد بەپێی ئاگربەست ساڵی ١٩٤٩. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: محمد سيد سليم: تطور السياسة الدولية في القرنين التاسع عشر والعشرين، الطبعة الثالثة، دار الفجر، القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٦١٥-٦١٦.


١داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە بەرە بەیانی ٢ی ئۆگستۆسی١٩٩٠. دەستبەجیٚو هەمان رۆژ، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری (٦٦٠)ی پەسەندکرد بۆ کشانەوەی سوپای عێراقی لە کوەیت بەبیٚ هیچ مەرجێك. لەم سۆنگەیەوە هاوپەیمانییەك بە سەرکردایەتی ئەمریکاو بە بەشداربونی (٣٠) دەوڵەت پێکهات. ئەم هاوپەیمانییە ١٧یەنایر-٢٤ی فەبرایری١٩٩١ لەگەڵ عێراق کەوتنە جەنگی سەربازییەوە، لە ئەنجامدا عێراق لەو جەنگەدا شکستی خواردو سوپاکەی لە کوەیت دەرکرا، دوای ئەوەی (١٥٠) هەزار کوژراو لە سەربازو سڤیلو (١٧٠)ملیار دۆلار زیانی لێکەوت. ماریون فاroوق سلوغلت و بیتر سلوغلیت: من الثورة الى الديكتاتورية، العراق منذ ١٩٥٨، ترجمة مالك النبراسي، منشورات الجمل، ألمانيا، ٢٠٠٣، ص٣٧١.

2 Bernard Lewis :Rethinking the Middle East, p ١٠٠

3 Joseph Brewda New Bernard Lewis plan will carve up the Mideast Volume 19, Number 43, October 30, 1992.

ململانێکانی تاجیکەکام ئێران و تورکیاو تاجیکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوەو بەهۆیەوە ئەفغانستان بەسەر تاجیکو ئۆزبەکو پشتون دەکات. کێشەی کشمیر کە پاکستان و هندستانتێوە دەگلێت. و عەرەب لەگەڵ پاکستانو ئیسرایل لەگەڵ هند، پاکستان هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەلکان: ململانێکانی بوسنەو کۆسۆڤۆ ململانێی نێوان یۆنان یۆنان و سربیا لە دژی تورکیاو بوسنەو ئەلبانیا پەیدا دەکات.




دوابەدوای ئەم نوسینە لویس کتێبێکی تری لە ساڵی ١٩٩٧ بڵاوکردەوە هەمان ئەو بۆچونانەی پێشوی تیادا بڵاوکردەوەو بە ناوی " پێشبینیەکانی بیرنارد لویس، داهاتوی رۆژهەڵاتی ناوەراست". لەو کتێبەدا نوسیویەتی، دەڵێت " دوای تێپەربونی ١٠٠، دەسەڵاتداران و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراستر وبەروی ئەو هزرە دەبنەوە کە پێویستە خۆیان بەرپرسیارێتی هەڵگرن، پێویستە بە تەها خۆیان بریار بدەن"[١]. دواتر دەڵێت، "جەنگی نێوان دەوڵەتەکان هەرەشەی گەورە نییە بۆسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست بەقەد ئەوەی جەنگی ناوخۆیی هەرەشەیە، لوبنان باشترین نمومەیە بۆ ئەمە"[٢]. سەبارەت بە کوردەکان دەڵێت، بیری مافی چارەنوس لەنێوان گروپە ئیتنیەکاندا پەری سەندووەو باشترین نمونەش کوردەکان باس دەکات، کە دەڵێت: تورکیا چونکە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی کراوەو دەستورێکی دیموکراسی هەیە، بۆیە روبوروەی زۆرترین هەرەشە دەبێتەوە لە ناوچەکەدا ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی کوردییەوە. سەبارەت بە دەوڵەتی کوردستان دەڵێت " پێکهاتنی کوردو تورك لە تورکیا نابێتە هۆی دروستبونی دەوڵەتی کوردی، چونکە هەرسێ دەوڵەتەکە (مەبەستی تورکیاو عێراق و ئێرانە)، بە توندی دژایەت دەکەن. بەڵام دەکرێت ئەو پێکهاتنە سەربەخۆییەکی خۆبەخۆیی و رۆشنبیری بۆ کوردەکان لێبکەوێتەوە بەجۆرێك شانازی بە ناسنامەی خۆیانەوە بکەن و هاوکات دڵسۆزی کۆماری تورکیا بن......بەڵام ئەم هیوایە بۆ کەمینەی کوردی لە عێراق و ئێران لە ئێستادا رون نییە

---

١برنارد لويس: تنبؤات برنارد لويس – مستقبل الشرق الأوسط – شركة رياض الريسللكتب والنشر، بيروت، ٢٠٠٠، ص٢٠.
٢ص٧١

چـونکە ئـەو دوو دەوڵەتــە خــاوەنی دەســەڵاتێکی خۆســەپێنەرن بۆیــە چارەنوســی ئــەمان بەســتراوەتەو بــە گەشەسەندنی روداوەکانەوە لە دوو دەوڵەتە[1].

دوا کتێبـی کـە بـڵاوی کردۆتـەوە بریتیـە لـە " تێبینیـەکان لەسـەر سـەدەیەك، بیرکردنـەوەی مێژونوسـێك لـە رۆژهەڵاتی ناوەراست" لە ساڵی ٢٠١٢ بڵاوکراوەتـەوە. هـەر لـەم بارەیـەوە رۆژنامـەی (الشرق الاوسط)ی عـەرەبی چاوپێکەوتنێکی لەگـەڵ ئەنجامـداوەو تیایـدا دەڵێـت، کـە رۆژهـەڵات ناوەراسـت دوو کێشـەی روبـەروو دەبێتـەوە ئەمیش ململانێی فکریو ناسنامەیە لە لایەك، ئەوی تـر قـەیرانی پەترۆڵـە کـە لـەداوی تـەواوبونی ئـەم مادەیـە لـە ناوچەکەدا، کێشەی گەورە دروست دەکات[2].

دەتوانین بڵێین بیرنارد لویس جیاوازە لە یینۆن. یینـۆن لـە بەرژەوەنـدی ئیسرائیلەوە روانیویەتیە رۆژهـەڵاتی ناوەراست، بەڵام بێرنـارد  وەك توێـژەرێکی شـارەزاو بێلایـەن سـەیری داهـاتوی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتی کـردووە. سـەبارەت بـە تێروانینـی هـەردولا بـۆ کێشـەی کـوردو دەوڵـەتی کوردسـتان، هـەردوکیان دان بـەوەدا دەنـێن کـە کوردەکان رەگەزێکی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی ناوەراستن. لەم بارەیەوە یینۆن لەپێناو لاوازکردنـی عێـراق لەبەرامبـەر ئیسرائیل پێشنیاری دابەشبونی عێراق دەکات بۆ سێ دەوڵـەت کـە لـە باکوریـدا دەوڵـەتی کوردسـتان بێـت، بـەڵام لویس جیاوازی لەگەڵ ینۆن هەیەو پێیوایە کە کێشەی کورد لە تورکیادا بـەرەو چارەسـەر دەروات بـەبێ ئـەوەی دەوڵەتی کوردی لێ پەیدا ببێت. هەرچی پرسی کوردە لە ئێرانو تورکیـادا ئـەوە گرنگـی پێنـاداتن ئەمـەش لەبـەر ئەوەی لـە تورکیـادا دیموکراسـی هەیـەو لـە ئێرانو عێراقدا نییـەز بۆیـە دەتـوانین بلـێین بێرنـارد لـویس داهـاتوی کێشەی کورد دەبەستێتەوە بە داهاتوی پەرەسەندنی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

ینۆنو لویس لەو خاڵەدا هاوبەشن کە نەخشەی کێشراو لە پێشنیارەکانیاندا نییـە بـۆ رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت، ئـەوەی کـە بـە نـاوی ئەوانـەوە لـە ئێسـتادا بڵاودەکرێتـەوە لـە پێگـە ئـەلکترۆنیی سەرچـاوەکاندا، خوێندنـەوی لایەنەکانە بۆ نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بیری ینۆنو لویسدا.

### تەوەرەی سێیەم: رالف بیترز Ralph Peters

لـەدوای ١٤ سـاڵ لـە پلانەکـەی بیرنـارد لـویس، پلانـی رالـف پیتـەرز هاتـە گـۆڕێ. پیتـەرز کـە کۆلونیـۆلێکی خانەنشینکراوی سوپای ئەمریکایـەو هەڵسـەنگێنەری سـەربازیەو نزیکـە لـە دروسـتکردنی بریـاررێ دەزگاکـانی سوپاو هەواڵگری لە ئەمریکا ، وتارێکی بە ناوی سـنوری خـوێن چـۆن رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت لـە دۆخێکـی باشـتر دەبێت Blood borders, How a better Middle East would look لـە گۆڤـاری هێـزە چـەکدارەکان، Armed Forces Journal بڵاو کـردەوە لـە ١ی یۆنیـۆی ٢٠٠٦، ئـەوەی ئـەم پێشـنیارە لـەوانی پـێش خـۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە، ئەو نەخشەیەیە کە دەوڵەتـە نوێکـانی داهـاتوی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتی دیـاریکردووە. ئـەم

---

1 ل٨٣-٨٤.

2 عــادل الطريفــي: برنــارد لــويس: الــتفكير في الشــرق الأوســط وفــق مفاهيمنــا الغربيــة يــؤدي إلى كــوارث، http://archive.aawsat.com/details.asp

پێشنیاره لەکاتی برەودانی بیری ئیسلامی جیهادی بوو لە رۆژهەلاتی ناوەراست لەبەرامبەر گەشەسەندنی بیری کۆنەپارێزی مەسیحی جولەکە لە ئەمریکاو ئیسرائیل کە ئیدارەی جورج دەبلیو بوش(٢٠٠١-٢٠٠٩)و کابینەکانی ئەریل شارۆن (٢٠٠١-٢٠٠٦) بوو. هەر لەم ماوەیەدا جیهان سەرقاڵی کاردانەوەکانی روداوی ١١ی سیپتەمبەر٢٠٠١، جەنگی ئەمریکا لە ئەفغانستان٢٠٠٢و لە عێراق ٢٠٠٣ [1]بوو. هەر ئەم نەخشەیە لە کۆلیجی بەرگری لە رۆما کە سەر بە هاوپەیمانی ناتۆدا لە لایەن سەرکردەو ئەفسەراکانەوە لە کۆنگرەیەکدا خراوەتە روو کە کە بەهۆی نەخشەکەوە ئەفسەرە تورکەکان لە هۆڵکە چونەتە دەرەوە. هەر ئەمە وایکرد یەشار بویکانیت سەرۆکی ئەرکانی تورکیا (٢٠٠٦-٢٠٠٨)، رەخنەی توندی لە دەستەی ئەرکانی ناتو گرتو ئەمریکاش رایگەیاند کە ئەو نەخشەیە ئامانجی ئەوان نیەو رەنگدانەوەی سیاسەتی ئەوان نییە[2].

پیتەرز دەڵێت، "سنورە نێودەوڵەتیەکان، سیفەتی دادپەروەرییان تیادا نییە...... سنوری هەرەمەکی لە ئەفریقادایەو سنوری زۆرداریش لە رۆژهەلاتی ناوەراستدایە کە چەرچڵ کێشاویەتیو زۆرترین کێشەی بۆ گەلانی ناوچەکە دروست کردووە کە چارەسەری ئەو کێشانە لە توانای ئەواندا نییە. قەدەغەی گەورە لە پرۆسەی تێگەیشتن لە کێشە گەورەکانی ناوچەکە لە تێگەیشتنی ئیسلامدا نییە بەڵکو لەو سنورە نێودەولەتیە حەرامانەدایە کە دپلۆماتەکان بە پیرۆز سەیری دەکەن. پشتگوێخستنی ئەم سنورە زۆرداریانەو پێدانەچونەوەی بە شێوەیەکی بنەرەتی وادەکات ئەم ناوچەیە بەهیچ جۆرێك ئاشتی بەخۆیەوە نەبینێتو لە ئێستا باشتر نەبێت. ئێمە مامەڵە لەگەڵ نارێکییەکی گەورە دەکەین کە دەستکردی مرۆڤە ئەم نارێکیە تا ئێستا بەردەوامەو داهێنەری رقو بوغزە ئەگەر چاکنەکرێت. بۆ ئەوانەی کە باس لە پیرۆزی سنور دەکەن دەڵێن سنورەکان لە گۆرانکاری نەوەستاوەو بە درێژایی سەدەکانی پێشووو، بۆیە سنور هیچ کات لە رەگەزە نەگۆرەکان نەبووە"[3].

لەبارەی کوردەوە دەڵێت، "گەورەترین زۆرداری کە کرابێت لە سنوری بەلکانەوە تا چیای هیمالایا، بریتیە لە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ...... ئەمریکا هەلییەکی بەنرخی لەدەستدا لەدوای روخانی بەغداد بۆ راستکردنەوەی ئەم ستەمە...... ئەویش بەهۆی گێلیو کورتبینیەوە بوو. ئێمە کوردمان ناچار کرد پشگیری حکومەتی عیراق بکەن..... کوردەکانی تورکیاش بۆ چەندین دەیەیە تەحەمولی ستەمکاری سەربازی و پەراوێزخستن دەکەنەوەو تەنانەت ناوی شاخەکانیشیان کردون بە تورکی تا ناسنامەکەیان ببسرنەوە...

---

١ ئەم روداوە بریتی بوو لە فراندنی چوار فرۆکەی نەفەر هەڵگر لە لایەن رێکخراوی ئەلقاعدەو ئاراستەکردنی رووەو وەزارەی بەرگری ئەمریکا(پنتاگون)و تاوەری سەنتەری بازرگانی، کە بە هۆیەوە سێ هەزار کەس بون قوربانی. لە ئەنجامدا جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی ئەمرکا، جەنگی دژی تیرۆر رگەیاندو بەهۆیەوە هەریەك لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠٢، عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ کەوتنە بەر شالاوی هێرشەکانی ئەمریکا.رتشارد كلارك: في مواجهةالاعداء، من داخل حرب امريكا على الارهاب، ترجمة ول شحادة، الحوار الثقافي،لبنان، ٢٠٠٤، ص ٣١٠-٣١٥.

٢محمد فتحي: كيف خطت دوائر صناع القرار في الغرب حدود الشرق الأوسط؟ http://www.huffpostarabi.com/


The March To War: Naval build-up in the Persian Gulf and the Eastern Mediterranean , http://middleeastvoice.blogspot.com/2006/10/march-to-war-naval-build-up-in-persian.html

٣رالف بيترز: حدود الدم كيف سيبدو الشرق الاوسط بحالته الافضل؟ ترجمة: علي الحارس، شبكة العراق المستقبل، ص٣

بەجۆرێکە ئەڵیی ناوچەی داگیرکراوە...... کوردستانی سوریاو ئێرانش بەپەلە بەرەوروی کوردستانی سەربەخۆ دەچن ئەگەر بتوانن. ڕەتکردنەوەی دەوڵەتە دیموکراسیە شەرعیەکانی جیهان کە بەرەوروی کوردستانی سەربەخۆ دەینوێنن، تاوانێکە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، بەجۆرێك تاوانەکە زۆر لەو پێشێلکاریە پوچانە گەورەترە کە ڕاگەیاندن گرنگی پێدەدات. کوردستانی درێژبووەوە لە نێوان دیاربەکرو تەورێز دەبێتە گەورەترین پاڵپشتی سیاستی ڕۆژئاوا لە نێوان بواگاریاو یاباندا"[١].

ئەو پێیوایە، ڕۆژهەلاتی ناوەراست باوەری بە خراپترین هەستی نەتەوەیی کردووەو پشگیری خراپترین هەستی ئاینی کردووە...... ئەگەر سنورەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەستکاری تیادا نەکرێت، بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە سروشتیەکانی ناوچەکە ببێت کە لەسەر خوێنو بیروباوەر(ەمەبەستی پەیوەندی خوێنو ئاینە) بنیاتنراوە، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستیە پەسەند بکەین کە ئەو خوێنەی لەو ناوچەیەدا دەرژێت لەسەر حسابی ئەمریکیەکان دەبێت. لە کۆتایدا دەڵێت: "پرسیارەکە لەوەدا نییە ئەمریکا چ جۆرە نەخشەیەکی دەوێت بەڵکو لەوەدایە نەخشەکە بەرەو کوێ دەروات جا پێمان خۆش بێت یان نا؟"[٢].

ئەوەی جێگای سەرنجە لە نەخشەکەی پیتەرزدا، دەوڵەتی کوردستان لە نەخشەکەدا، دەوڵەتێکی کیشوەری داخراو نییە بەڵکو لە باکوری دەوڵەتەکە سنورەکەی گەیشتۆتە سەر دەریای ڕەش لە شارەکانی کارسو باتۆمی. بەهۆیەوە دەوڵەتی کوردستان ڕزگار دەکات لەو گرێ مێژوویەی کە پێیوایە، دەوڵەتی کوردستان ئەگەر لە داهاتودا بنیات بنرێت ئەوا ئەگەری سەروەری لاوازە. چونکە دەرچەی سەر ئاوی نییەو تەنها شوێن بۆ پەیوەندیە دەرەکیەکانی، دەوڵەتە باوەکانی وەك تورکیاو عێراقو ئێرانە کە ڕقێکی مێژوویان بەرامبەر کوردو کوردستان هەیە[٣].





١ نفس المصدر ص٥.

٢ نفس المصدر ص٨.

٣ فەرید ئەسەسەرد: کوردستانو مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٥. بیرنارد لویس، المصدر السابق، ص٩٣.

## تەوەری چوارەم: جیفری گوڵدبیرگJEFFREY GOLDBERG

دوای دوو ساڵ لە پلانەکەی راڵف پیتەرز، جیفری گولبرگ کە رۆژنامە نوسێکی ئەمریکیە لە گۆڤاری ئەتلانتیك لە ساڵی ٢٠٠٨ وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناوی دوای عێراق، راپۆرتێك لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێو چەردەیەك لە ئەگەرەکانی لە داهاتودا After Iraq A report from the new Middle East— and a glimpse of its possible future [١]. دواتر ئەم وتارە بە پلانی ئەتلانتیكو بە ناوی گۆڤارەکەوە ناسرا. لێکچونێکی تیا بوو لەگەڵ پێشنیارەکەی رالف پیتەرز لەوەدا کە ئەمیش نەخشەیەکی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست پێشنیار کردبوو کە گۆڤاری ئەتلانتیك لە روپەری ئەو ژمارەیەدا داینا کە وتارەکەی تیدا بڵاوکرایەوە.




نوسەر وتارەکەی لەژێر کاریگەری جەنگەکانی ئەمریکادا بوو کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجامیدا لە دژی ئەفغانستان(٢٠٠٢)، عێراق(٢٠٠٣)، کە لەم ماوەریەدا پێشبینی پەلامارێکی تر دەکرا کە هەڵبژاردەی لەپێشیش لە نێوان ئێرانو سوریادا بوو[٢]. بۆیە گۆڵدبیرگ گەشتێکی چەند هەفتەیی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجامدەداتو بە هۆیەوە چاوی کەوتووە بە بەرپرسە باڵاکانی ناوچەکە لە وڵاتانی عێاقو ئەردەنو ئیسرائیلو فەلەستین..

لە وتاری یەکەمدا بە گفتوگۆی نێوان عەرەبێکی سونی کە بە تۆمەتی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان دەستگیر کراوە، لەگەڵ ئاسایشێکی پلەدار دەست بە نوسینەکەی دەکاتو پیاوە عەرەبەکە تانەو تەشەر بە کورد دەڵێتو بە پاشکۆی ئەمریکایان دادەنێتو بە دوژمنی ئومەتی ئیسلامی ناویی کورد دەبات. لە بەرامبەردا ئاسایشە

1JEFFREY GOLDBERG: After Iraq A report from the new Middle East—and a glimpse of its possible future, www.theatlantic.com/magazine/archive/2008/01/**after-iraq**/306577

2 Abbas William Samii :THE NEAREST AND DEAREST ENEMY: IRAN AFTER THE IRAQ WAR,Middle East Review of International Affairs (MERIA) Vol. 9, No. 3 (September 2005)

کوردەکە سەرجەم ئەهامەتیەکانی نەتەوەکەی بەسەر عەرەب دەهێنێت. هاوکات تورکیا بەو دەوڵەتە ناودەبات کە هەمیشە هەرەشە لە هەرێمی کورستان دەکات، لێرەوە گۆڵدبیرگ دەرگای ناکۆکییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکاتەوەو پێکەوەژییانیان لە سنوری دەوڵەتەکانی ئێستادا بە کارێکی ئەستەم سەیردەکات. دواتر باس لە سیاسەتی ئەمریکا دوای ساڵی ۲۰۰۳ دەکات و تەکانی کۆنداليزارايس كە راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی(۲۰۰۱–۲۰۰۵)و وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بوو(۲۰۰۵–۲۰۰۹)، لەگەڵ پۆل ولفرويتز كە بريكاری وەزيری بەرگری (۲۰۰۱–۲۰۰۹) دەهەێنێتەوە وەك نمونە بۆ پشگيريكردنيان لە يەكگرتوی خاكی عێراق. بەڵام ئەو رەخنە دەگرێت و پێیوایە لە دوای هەڵمەتەكانی ئەمريكا بۆ عێراق و ئەفغانستان، نەك روی دروستكراوی ناسنامەی عێراقی و ئەفغانی دەركەوت بەڵكو رووی پاكستان و لوبنانيش ئاشكرا بوو بە جۆرێك يەكگرتوی و تۆكمەيی ئەو دەوڵەتانە كەوتە ژێر پرسيارەوە. لێرەدا ئەو پرسيار دەكات كە لە داهاتودا ژمارەی ئەو دەولەتانە چەند دەبێت كە دەكەوێتە نيوان دەريای سپی ناوەراست و روباری سند؟

ئەو دەڵێت: "دەوڵەتەكان سەرجەمييان دروسستكراوی دەستی مرۆڤن بەڵام هەندێكيان شويندەستی مرۆڤێكی دياريكراويان، زۆر پێوە ديارە وەك شوێندەستی چەرچل بە عێراقەوە، كە بەزۆر خزاندنی كورد بۆ ناو ئەو دەوڵەتە يەكێك بووە لە هەرە هەڵە گەروەكان بەڵام لەوكاتەدا نەيتوانيوە لەوە زياتر بكات. كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەراست سێ فاكتەرە، بريتيە لە، پاشماوەی ئەو كێشانەی كە بريتانياو فەرەنسا دروستيان كرد بۆ ئەم دەوڵتانەو ئێستاش بۆ ئەمريكا ماوەتەوە. هاوكات ئيسلام كەرۆلێكی گرنگ دەبينێت و پێشبينی داهاتويی هەيە بۆ ناوچەكە، جگە لە سەرهەڵدانی جيهانگيری كە كار لەسەر نسنامەی ئاينی و رەگەزی زۆرە. بەڵام بە هەڵمەتەكانی دوای ۱۱ی سێبتەمبەر روی راستەقينەی ئەم دەوڵەتانە دەركەوت و كوردستانی سەربەخۆ سەرەتايەكە بۆ ئە گۆرانكارييانە. بۆيە پێويستە پێشبينيەكان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دوای عێراق لە ئەولەويەتی كاری ئەمريكا بێت كە لەم بارەيەوە زۆر هەژارن".

ئەو لە ماوەی گەشتەكەيدا چاوی كەوتووە بە زياتر لە ۲۵ پسپۆری جۆراو جۆر. يەكێكيان وتوويەتی: رۆژهەڵاتی ناوەاست داهاتوی نييە. يەكێكی تر دەڵێت، رۆژئاوا ناتوانيت ئايندەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دياری بكات، چونكە ئەگەر ئەمريكا بەتەواەی دەسبەرداری ئيسرائيل ببێت ئەوا عەرەب دوای ئەوە شتێكی تر دەدۆزنەوە كە دژايەتی ئەمريكای پێبكات. زۆرترين ئەنجام كە ئەوان پێشبينيان كردووە، سەرهەڵدانی جەنگی شيعەو سونە بوو لە ناوچەكەدا، لەگەڵ ئێوەگلانی دەوڵەتی وەك سعوديەو ئێران كە بەر وونی لايەنگری دەكەن. دواتر چالاكبونی بزوتنەوەی كوردی، لاوازبونی ميسر لە بەرامبەر ئسلاميەكان، قوڵبونەوەی ململانێی ئيسرايل و فەلەستينييە بە تايبەت لە رێگای حەماس و حزب الله بە پشگيری ئێران.

ئەو دەڵێت: "ئيدارەی ئەمريكی بە كۆنە پارێزو نوێكانيشەوە باوەريان بە گۆرينی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست نييە. ئەوان بەرژەوەنديان لەگەل سەقامگيری هەيەو بە ووتەی خۆيان، فەوزا زۆر خراپترە لە زولمكردن. ئەوان باوەريان وابوو كە مۆديلی ديموكراسی ئەمريكی لە عێراقی نوێدا جێبەجێ دەبێت، بەڵام

**ئەنجامەکەی بەو جۆرە بوو کە ئەو بیرە بەئاسانی لە عێراقدا چەکەرە ناکات، چونکە رۆشنبیری سیاسی عەرەب توانای هەرسکردنی بنەماکانی دیموکراسی نییە. هەروەها راییەك هەیە کە دەڵێت سەربەخۆیی کوردستان پاڵنەری جیابونەوەی گروپەکانی تر دەهێنێتە کایەوە.**




**دواتر لە ١٩ یونیۆ ٢٠١٤ دوومین وتاری بە نەخشەیەکەوە بڵاوکردەوە لە هەمان گۆڤاردا بەناونیشانی، نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆچی ئێمە دژایەتی هەڵوەشاندنەوەیەك بکەین لەعێراقدا کە هەر روودەدات؟**

The New Map of the Middle East,Why should we fight the inevitable break-up of .Iraq?[1]

**ئەم وتارە دوابەدوای شۆرشەکانی بەهاری عەربی[٢] و سەرهەلدانی دەسەلاتی دەولەتی ئیسلامی بوو کە بە داعش[٣] ناسراوە. لە وتاری دووەمدا دەڵێت: "من لە بەرەی نەتەوایەتی کوردیمو سەربەخۆیی بۆکوردستان**

1 JEFFREY GOLDBERG: The New Map of the Middle East وWhy should we fight the inevitable break-up of Iraq? www.theatlantic.com/.../archive/...new-map-of-the-middle-east/373080/

**٢ ئەم چەمکە بۆ راپەرینە جەماوەریەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەکاردێت لە دژی دەسەلات سیاسیەکان. روداوەکان دوای خۆسوتاندنی محمد البوعزیزی دەستی پێکرد لەبەردەم شارەوانی شاری سیدی لە پارێزگای مسنتیر لە تونس لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠، کە بەهۆیەوە نارەزاییە جەماوریەکان پەرەی سەندو لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دەنگدانەوی گەورەی پەیداکرد، کە بووە هۆی روخانی دەسەلاتی سەرۆکایەتی زەین ئەلعابید بن عەلی. پاشان گواسترایەوە بۆ میسو لەوێش کۆتایی بە دەسەلاتی محەمەد حوسنی موبارەك هێنا لە ١١ی فەبرایری ٢٠١١. دواتر ولاتانی لیبیاو یەمەنو سوریای گرتەوەو بەهۆیەوە معەمەر قەزافی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ کوژراو کۆتایی بە رژێمەکەی هات. دواتر لە سەرەتای یەنایری ٢٠١٢ عەلی عەبدوڵلا ساڵح سەرۆکی یەمەن دەستی لەکار کێشایەوە. حسن محمد الزین: الربیع العربي اخر عملیات الشرق الاوسط الکبیر، دار القلم الجدید، بیروت، ٢٠١٣، ص ٢١-٢٢**

**٣ رێکخراوی دەوڵە ت ئیسلامی لە عێراقو شام کە کورتکراوەکەی داعش)ە لە بەرئەنجامی روداوەکانی بەهاری عەربی لە سوریا سەریهەڵدا. ئەم رێکخراوە رەوتێکی جیهادی سەلەفیو ئامانجیان گەرانەوەی خەلافەتی ئیسلامیو جێبەجێکردنی حوکمی**

دەخوازمو ئینکار کردنی مافی چارەنوسی بۆ کورد، گەورەترین زولم بووە کە لە گەورەترن نەتەوە کراوە. بۆیە دەرچونی کوردستان لەو شپرزەییەی ئێستا بە شێوەی سەربەخۆییو دورکەوتەنەوە لە بن دەستی عێراق بۆ هەتاهەتای، پێویستە....... بەرای من قوربانیدان بە پارەو بە ژیانی ئەمریکی بۆ پابەندبون بە یەکێتی خاکی عێراقو پارێزگاری لە سنورەکانی، بەهایەکی نییەو بە کارێمی عەقلانی نازانم".

کۆتایی وتارەکەی بە وتەی نوسەرێکی ئەمریکی دەهێنێتەوە کە لە وتاری یەکەمیشدا ئاماژەی پێکردبوو، بە ناوی دەیڤد فرۆمکین,David Fromkin ، لە کتێبی (ئەو ئاشتیەی کۆتایی هەموو ئاشتیەکانە،" *A Peace to End all Peace*، ئەو دەلێت، "رۆژهەلاتی ناوەراست داهاتووی نیە"

"The Middle East has no future" .

ئەوەی سەبارەت بە دەولەتی کوردستان لەم وتارانەی گۆلدبیرگ دیارە، ئەوەیە کە دروستبونی دەولەتی کوردستانی کردۆتە بنەما بۆ دوبارە دارشتنەوەی رۆژهەلاتی ناوەراستو لێرەوە دەچێتە سەر گۆرانکارییەکانی تر. بەلام نەخشەی ئەم لە نەخشەکەی پێشوتری پیترز لەوەدا جیاوازە کە کوردستان دەولەتێکی داخراوەو سنوری لەسەر دەریای ناوەراستدا نییە.

**تەوەرەی پێنجەم: پێگەی کوردستان لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا**

لە پرۆژەکانی سەرەوەدا دەولەتی کوردستان بیایەخی تایبەتی پێدراوە بۆیە لێرەدا یەك بەیەك لەسەر پرۆژەکان دەدوێین:

١. لە پرۆژەکەی ئۆدیید ینۆندا دەولەتی کوردستان وەك بەشێك لە پرۆژەی ئیسرتئیلی لە ناوچەکەدا خراوەتە روو نەك وەك مافێکی سروشتی نەتەوەی کورد بۆ بوون بە دەولەت. هەر بۆیە یینۆن پرۆژوەی بە دەولەتبونی کوردی کردۆتە بارێکی خراپی ئالۆزو دەولەتە نەتەوەییەکانی وەك عێراقو سوریاو ئێرانی هەمیشە دەولەتی کوردی بە ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا ناو دەبەنو وەك داردەستێکی ئیسرائیلی دژی ئەم دەولەتانە دەیبینن. لە راستیشدا گەر لەو نەخشەیە بروانیین کە ناسیۆنالیزمی ئیسرائیلی بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست پێشبینی کردووەو داوای دەولەتی ئیسرائیل دەکات لە نیلەوە تا فورات، ئەوا دەگەینە ئەو باوەرەی کە دەولەتی کوردستان ئەگەر هاوسنوری دەول'تی ئیسرائیل نەبێت ئەوا زۆر نزیك دەبێت لە دەولەتە.

٢. پرۆژەکەی بیرنارد لویس هیچ باس لەدەولەتی کوردستان ناکات بەقەد ئەوەی باس لە مافەکانی نەتەوەی کورد دەکات لە دەولەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست. بێرنارد نایەوێت نەخشەیەکی تەواوی داهاتوی رۆژهەلاتی ناوەراست بدات بەدەستەوە، بەلکو لە میانی کێشەی شوناسو قەیرانی نەوتو ئاو دەروانێتە

---

شەریعەتە. بەشێوەیەکی بەربلاو لە عێراقو سوریادا بونیان هەیەو لە دەولەتانی تریش بە پەرشوبلاوی هەن. ئمانە تاونبارن بە تۆمەتی رەشەکوژی، تێکدانی شوێنەوار، تاوانی جەنگ. لە ٢٩ی یۆنیۆی ٢٠١٤ ئەبوبەکر بەغدادی وەك ئەمیری موسولمانان خۆی ناساندووەو سنوری قەلەمرەوەکەی لە نێوان عێراقو سوریادایە. تنظيم الدولة الإسلامية (داعش)

https://ar.wikipedia.org/wiki

ناوچەکە. لەم نێوەندەشدا کێشەی کورد بە کێشەیەکی چارەسەرنەکراو دەبینێت کە لەپاڵ کێشەکانی تر گرفتێکی گەرەی رۆژهەلاتی ناوەراستەو بە پەرەسەندنی دیموکراسی لە ناوچەکەدا گرێی داوە.

٣. لە پرۆژەکەی رالف پیتەرزدا بۆ یەکەمین جار لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە سنوری دەوڵەتی کوردستان دیاریکراوە لەگەڵ دراوسێکانیشیدا. لەم نەخشەیەدا، دەوڵەت کوردستان بە نزیکی سەرجەم ئەو شوێنانە دەگرێتەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا کە زۆرینەی کوردی تیادا نیشتەجێیە. ئەوەی جێگای بایەخە بۆ ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردستان دەگەیەنێت بە دەریای رەش، کە ئەمە بایەخی جۆپۆلەتیکی دەوڵەتی کوردستان زیاتر دەکات. چونکە درێژبونەوەی نەخشەی کوردستان بۆ سەر دەریای رەش، کوردستان دەکات بە دراوسێی راستەوخۆی روسیا. بەمەش روسیا لە ئاوە گەرمەکان بە تایبەت دەریای ناوەراست نزیکتر دەکاتەوە، ئەمەش پێگەی جیۆپۆلەتیکی دەوڵەتی کوردستان پربایەختر دەکات. هاوکات بە پێی ئەم نەخشەیە بێت دەوڵەتی کوردستان دەبێتە دراوسێی کۆماری جۆرجیا کە یەکێکە لەو دەوڵەتانەی گرێدراوە بە یەکێتی ئەوروپا لە رێگای چەندین رێکەوتنەوە لە دوا هەمین رێکەوتن بریتیە لە کردنەوەی بازرای ئەازادی ئەورووپی جۆرجی. بەمەش دەوڵەتی کوردستان لە دراوسێ باوەکانی سەدەی بیستەم رزگاری دەبێت کە رێگرو کۆتوبەندکەری ناسیۆنالیزمی کوردیو مایەی لاوازبونو داخراوی نیشتمانی کوردەکان بوون. هاوکات ئەم نەخشەیەی پیتەرز زۆر نزیکە لەو نەخشەیەی کە لە بیری ناسیۆنالیزمی کووردیدا بونی هەیەو لە ساڵی ١٩٤٥ کوردەکان پێشکەشی نەتەوە یەکگرتوەکانیان کردووە. دەوڵەتی کوردستان بە پێی ئەم نەخشەیە دراوسییە لە باکورەوە دراوسێیە لەگەڵ دەڵەتە مەسیحیەکانی وەك ئەرمینیاو جۆرجیاو هاوکات خاوەن کەناری ئاوییە لەگەڵ روسیای ئەرسەزۆکسی. لە باکوری رۆژهەلاتەوە بۆ باشوری رۆژهەلاتو تا دەگاتە باشوری رۆژئاوا بە دەوڵەتە شیعە مەزهەبییەکانی مەزهەبەکانی ئازەربیجانو دەوڵەتی فارسیو دەوڵ تی عەربی شیعە دەور دراوە. لە باشوری رۆژئاوا تا دەگاتە باکوری رۆژئاوا بە دەوڵەتە سونییە نەتەوەییەکانی عەرەبی سوننەو سوریای گەورەو تورکیا دەور دراوە. کەواتە دەتوانین بلێین دەوڵەتی کوردستان لەمپەری بەردەم پێکدادانە ئاینیو مەزهەبیو نەتەوەییەکان دەبێت لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا.

٤. پێشنیارەکانی گۆڵدبیرگ هەرێمی کوردستانی عێراق دەکاتە دەسپێك بۆ بیردۆزەکەی، کە لە دابەشکردنی عێراقەوە بۆ سێ دەوڵتی کوردو شیعەو سونە خستویەتیە روو. کاتی ئەم پلانە دوای ساڵێكو شەش مانگ دێت لە پێشنیارەکەی رالف رویترز کە لە جونی ٢٠٠٦ بڵاوی کردەوە، هەروەها پێشنیارەکەی جۆزیف بایدن بوو کە لە ئۆگستۆسی ٢٠٠٦ بڵاوی کردەوە (بایدن ئەوکات ئەندامی ئەنجومەنی پیران بوو لە ئێستاشدا جێگری سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواوە). کە داوای دابەشکردنی عێراقی کردبوو بەسەر سێ هەرێمی فدرالیدا[1]. بۆیە ئەم پێشنیارە بە ئەلقەیەك لە زنجیرەکانی

1 *Joseph R. Biden Jr :*A Plan to Hold Iraq Together, 2006, http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2006/08/23

پێشنیارەکانی پێش خۆیی دادەنرێت و هاوکات بە هەنگاونانێك بۆ بەرەو جێبەجێکردنی ئەوانی پێش خۆی ئەژمار دەکرێت، چونکە ئەگەر تا پێشنیارەکە بایدن ئەم نەخشانە ناواقعی و خەیاڵی بووبێت، ئەوا لە داوی پێشنیارەکەی بایدن ئەم پێشنیارانە دەبنە واقعی و روداوەکانی دوای پیشنیارەکەی گۆلدبیرگ لە ٢٠٠٨، کە بریتی بوو بە دەستبەکاربونی بایدن لە پۆستی جێگری سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە، هەروەها قوڵبونەوی کێشەکانی عێراق لە نێوان پێکهاتەکانیدا بەتایبەت هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە بە بێگەرانەوە بۆ عێراق، هەروەها سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش)، لە ساڵی ٢٠١٤ لە ناوچە سونییەکانی عێراق و سوریادا، وا لە گۆڵدنبرگ دەکات دوبارە وتارێکی تر لە ساڵی ٢٠١٤ بنوسێت و جەخت لەسەر دروستبونی دەڵەت کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بکاتەوە، کە بە شێوەیەکی نزیك کراوەیی لەوەی راڵف پیتەرز دەچێت جگە لەوە نەبێت کە لەم نەخشەیدا کوردستان وڵاتێکی داخراوە.

**ئەنجام:**

دەوڵەت کوردستان خەونی لەمێژینەی ناسیۆنالیزمی کوردییە لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوەو دروست لە شۆرشی شێخ عوبەیدولاّی نەهرییەو لە ساڵی ١٨٨٠ تا ئێستای لە گەڵدا بێت. ئەم دەوڵەتە تا ئێستاش لە ناوەندە فەمییەکاندا سانسۆری لەسەرەو جێگای پەسەندی سیاسەتی نێودوڵەتی نییە، بەڵام لەلایەن ئەکادیمیەکان و شیکەرەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، دەوڵەتی کوردستان کەوتۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بە جۆرێك لە ئەم دەوڵتە وا باسدەکرێت کە لە پاڵ گۆرانکارییە چاوەروانکراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دەبێتەهۆکاری بەرقەراربونی ئاشتی و سەقامگیری.

ئەم چوار پێشنیارەی کە لەم توێژینەوەیەدا باس کراوە لە چوار چێوەی ئەو هەوڵانەدایە کە خوێندنەوەی وردییان کردووە بۆ ناوچەکە. لەو چوارچێوەیەشدا نەتەوەی کوردیان خستۆتە بەردەم دوربینی بۆچونەکانیان و دەستگیرنەبونی مافەنەتەوەییە شەرعیەکانیان لە سەدەی بیستدا بە پرسێکی نائاسایی رۆژهەڵاتی ناورەراست بینیوەو بون بەدەڵەتی ئەم نەتەوەیشیان بە فاکتەری سەقامگیری و ئاشتی لەقەلەم داوە. هەر بۆیە لە ئەنجامی گەشەسەندنی پێشنیارە یەك لەدوای یەکەکاندا دەوڵەتی کوردستان توانیویەتی جیگای خۆی لە داهاتوی ناوچەکەدا بکاتەوە بە شێوەیەك کە دەوڵەتێکی ئاسایی نییە بەقەد ئەوەی دەڵەتێکە کە رۆڵی بلانس دەبینێت لە تاوچەکەدا.

سەرچاوەکان:

سەرچاوەی کوردی

١. فەرید ئەسەسەرد: کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢.    گــەراس ئــار. ڤــی. ستانســـفيلد: كوردســـتانی عێـــراق، پەرەســـەندنی سیاســـی و پشـــكوتنی ديموكراسی،وەرگێڕانی‌ك ياسين سەردەشتی، چاپخانەی سيما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٨٦،ل٢١٣.
٣.    ياسين سەردەشتی: كوردستانی ئێرانن لێكۆڵینەوەيەكی مێژوويی لە جوڵانەوەی رزگاريخوازی گەلی كورد(١٩٣٩-١٩٧٩) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٣.

سەرچاوەی عەرەبی

٤.    الان غريش، دومينيك فيدال: الابواب المائية للشرق الاوسط، ترجمةك ميشال كرم، الفارابي، ٢٠١٠.
٥.    برنارد لويس: تنبؤات برنارد لويس – مستقبل الشرق الأوسط – شركة رياض الريسللكتب والنشر، بيروت، ٢٠٠٠، ص٢٠.
٦.    تنظيم الدولة الإسلامية (داعش) https://ar.wikipedia.org/wiki
٧.    حسن محمد الزين: الربيع العربي اخر عمليات الشرق الاوسط الكبير، دار القلم الجديد، بيروت، ٢٠١٣.
٨.    حســن نافعــة: قــراءة جديــدة في أوراق قديمــة. الاســتراتيجية الصــهيونية لتفتيــت العــالم العربــي http://www.sawtakonline.com/forum/threads/
٩.    رتشارد كلارك: في مواجهة الاعداء، من داخل حرب امريكا على الارهاب، ترجمة ول شحادة، الحوار الثقافي،لبنان، ٢٠٠٤.
١٠.  رالف بيترز: حدود الدم كيف سيبدو الشرق الاوسط بحالته الافضل؟ ترجمة: علي الحارس، شبكة العراق المستقبل، ص٣
١١.  عـادل الطريفـي: برنـارد لـويس، الـتفكير في الشـرق الأوسـط وفـق مفاهيمنـا الغربيـة يـؤدي إلى كـوارث، http://archive.aawsat.com/details.asp
١٢.  ماريون فاroوق سلوغلت و بيتر سلوغليت: من الثورة الى الديكتاتورية، العراق منذ ١٩٥٨، ترجمة مالك النبراسي، منشورات الجمل، ألمانيا، ٢٠٠٣.
١٣.  محمد سيد سليم: تطور السياسة الدولية في القرنين التاسع عشر والعشرين، الطبعة الثالثة، دار الفجر، القاهرة، ٢٠٠٨.
١٤.  محمـــد فتحـــي: كيـــف خطـــت دوائـــر صـــناع القـــرار في الغـــرب حـــدود الشـــرق الأوســـط؟ /http://www.huffpostarabi.com

سەرچاوەی ئینگلیزی

15. Abbas William Samii :THE NEAREST AND DEAREST ENEMY: IRAN AFTER THE IRAQ WAR,Middle East Review of International Affairs (MERIA) Vol. 9, No. 3 (September 2005)
16. Bernard Lewis :Rethinking the Middle East, Source: Foreign Affairs, Published by: Council on Foreign Relations ,Vol. 71, No. 4 (Fall, 1992).
17. JEFFREY GOLDBERG: The New Map of the Middle East وWhy should we fight the inevitable break-up of Iraq? www.theatlantic.com/.../archive/...new-map-of-the-middle-east/373080/
18. JEFFREY GOLDBERG: After Iraq A report from the new Middle East—and a glimpse of its possible future, www.theatlantic.com/magazine/archive/2008/01/after-iraq/306577
19. Joseph R. Biden Jr :A Plan to Hold Iraq Together, 2006, http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2006/08/23

20. Joseph Brewda New Bernard Lewis plan will carve up the Mideast Volume 19, Number 43, October 30, 1992.

21. Oded Yinon: A Strategy for Israel in the Nineteen Eighties , Translated and edited, *Israel Shahak,* Published by the Association of Arab-American University Graduates, Inc. Belmont, Massachusetts, 1982 Special Document No. 1

22. Stephen Sniegoski: The Yinon Thesis Vindicated: Neocons, Israel, and the Fragmentation of Syria, *Aug 12, 2012*, http://mycatbirdseat.com/2012/08/the-yinon-thesis-vindicated-neocons-israel-and-the-fragmentation-of-syria/

23. The March To War: Naval build-up in the Persian Gulf and the Eastern Mediterranean, http://middleeastvoice.blogspot.com/2006/10/march-to-war-naval-build-up-in-persian.html

**خلاصة**

أنشأت اتفاقية سايكس بيكو عام ١٩١٦ الخريطة الحالية للشرق الأوسط. ولكن، حتى هذه اللحظة، لا تزال تسعى الحدود الدولية إلى أن تكون مستقرة ومحددة. لهذا السبب، لا تزال هناك مقترحات عديدة لتغيير خريطة الشرق الأوسط في وسيلة من شأنها أن تجلب السلام والاستقرار في المنطقة. من بين معظم المقترحات، هناك القواسم المشتركة، وهي ظهور وتأسيس دولة كردستان في الشرق الأوسط في المستقبل القريب. تهدف هذه الدراسة، تحت عنوان، "دولة كوردستان في أربعة اقتراح للشرق الاوسط"، في الإجابة على سؤال" ماهية موقع كوردستان في كل من هذه المقترحات في الشرق الأوسط. في الختام من المقترحات التي تمت دراستها، كان لدولة كردستان القدرة على وضع نفسها في الشرق الأوسط، في الطريقة التي يظهر أنها ليست مجرد دولة عادية، ولكن الدولة التي من شأنها أن تلعب دورا في تحقيق التوازن بين الصراعات والتوترات المنطقة.

**Summary**

The Sykes-Pico Agreement in 1916 established the current map of the Middle East. However, until this moment, a century past, the international borders are still sought to be concreted and defined. For this reason, there are still proposals to change and alter the map of the Middle East in a way that will bring peace and stability to the region. There is a commonality between most of the proposals, that is, the emergence and foundation of the state of Kurdistan in the Middle East in the near future. This research "The State of Kurdistan in Four Proposal for The Middle East", has aimed at answering the question of; where is Kurdistan's position in all of these proposals of the Middle East. In conclusion of the proposals studied, the state of Kurdistan has had the ability to put itself into the Middle East, in a way that shows it is not just a normal state, but a state which would play a role in balancing the conflicts and tensions of the region.